ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# ڕادارەکانی بەردەرگا

دایكی مێرخاس

## كەی گرفتە ئەگەر چەند ژنێك لەبەر دەرگای ماڵەوەیان دانیشن و دوو سێ قسە بكەن؟

***بەدواداچوونێكە لەسەر ئەو ژنانەی***

***ڕۆژانە لەبەردەرگای ماڵەكانیان دادەنیشن كە تیایدا ڕای ژنان وەرگیراوە***

من یەكەمجار بە پیاوان ئەڵێم خوا زمانتان سەلامەت كات، تۆزێك بەویژدان قسە بكەن، ئەگەر حەز ئەكەن با ئێمەی ژن دونیاتان بۆ چۆڵبكەین، جگە لەوەی پیاوان ڕێز لەویستەكانی ژنان ناگرن، بەڵكو لەگەڵ هاویشتنی هەر هەنگاوێكی ژنانی كورد لە ژیانی ڕۆژانەی روبەروی جۆرەها تەنزو توانجی بێرەحمانەی پیاو ئەبێتەوە، ئاخر نازانن نەبوونی سەرچاوەی داهاتی ئابوری ژنان، هۆكارێكە بۆ گردبوونەوەی ژنان لەبەر دەرگای ماڵو بیركردنەوە لە دیمەنە نەگریسەكانی غەدرو خیانەتێكی بەرنامە بۆ داڕێژراو، كە ساڵەهای ساڵە هەر ژنە كەوتۆتە نێوان چنگی چەند ئاژەڵی درندەی بەناو مرۆڤ، ژنان لەنێو دەیان ئیشوكاری داسەپاوی ڕۆژانەی كە هەڵێكیان بۆ ئەرەخسێ بۆ خۆیان بە كۆمەڵ لەبەر دەرگای ماڵەوە باس لە مەینەتو گرفتو خواستەكانی خۆیان دەكەن تا هەناسەیەك بدەنەوەو چاویان بە ڕووناكی خۆشەویستیو ژیانی یەكتری كل بدەن، پیاوان لەمەش ناڕەحەتن بە توانجەوە دەڵێن ها ژن ئیشو كاریان بەتەنها گولەبەڕۆژە قرتاندنو بنێشت جوینو قسەی لاوەكیو لابەلایە، پیاوان حەز ئەكەن لەم دەرفەتە كەمەش ژنان لە كونجو گۆشەی تاریكایی ژیان بەردەوام بكەنو ئەشكەوتی ئەنگوستەچاوی گۆشەگیری جێگەو مەكانیان بێ، جار بەجارەش پیاووەك فریشتەیەكی موژدە بەخش لێی دەركەوێتو هەرچی نائومێدیو گومانە بەسەریدا زاڵ بێت بۆ هەتا هەتایە، بۆ ئەم مەبەستە بیرو بۆچوونی ئەو ژنانەمان لەم ڕیپۆرتاژە خستۆتە ڕوو كە لەبەر دەرگای ماڵەوەیان گردئەبنەوەو ئەبینرێن.

### قسەو قسەلۆك زۆرن

"لەم كۆمەڵگەیە قسەو قسەلۆك زۆرن ئەوەتا هەندێ شتمان گوێ لێئەبێت سەرت لێ سورئەمێنێ، بنجو بناوانی ئەم تەعلیقو قسە بێ مانایانە مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە، گەورەترین هۆكاری ئەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی، ئەگەر هاتوو خەڵكی ئێمە چاوكراوەو شارەزا بوونایە ئەم تەعلیقو جۆرە قسانە زۆر بە كەمی دەكران، بێگومان ئەو پیاوانەی توانجی وا لەسەر ژنان لێئەدەن زیاتر زیان بەخۆیانو كۆمەڵگەكەیان دەگەیەنن، بەڕاستی ئەو پیاوانە هەر نەبێ لەبەرخاتری چاوی دایكو خوشكو ژنی خۆیان شتێك نەكەن كە زەرەری بۆ ژنان هەبێت". ئەمە قسەكانی (نەسرین فەتاح) بوو كە شانازی دەكات لەپێش دەرگای ماڵەكەیان دادەنیشێتو هەروەها دەڵێت:"بۆخۆم شانازی بەوە دەكەم كە ژنان لە یەكتری كۆئەبنەوە هەر نەبێ ئەو كەلەبەرەی نێوانیان پڕ ئەكەنەوە بە خۆشەویستی تێكەڵ كردنو ئاگادار بوون لە ژیانی ڕۆژانەی یەكتری .

### پیاوان، بۆچی عەیبی خۆیان نابینن؟

(فاتیمە ئەسعەد) ئەمیش یەكێكە لەو ژنانەی كە لەبەردەرگا دائەنیشێتو دەڵێت:"ژن سێ چارەكی ژیانی لەناو چوار دیواری ماڵەوەیە، تو خوا ئەمە كەی گیروگرفتە، ئەگەر چەند ژنێك بۆ خۆیان لەبەر دەرگای ماڵەوە دانیشنو دوو سێ قسە بكەن، باشە پیاوان بیستو چوار كاتژمێر لە گەڕانو قسە كردنن بۆ عەیبەی خۆیان نابینن داوایان لێدەكەم وەڵامم بدەنەوە". هەروەها ئەو بەسەرهاتێكی بۆ گێڕاینەوە كە جارێكیان پیاوێك خۆزگەی خواستووە كە ئەوانە باسی چیدەكەنو بۆ چەند ساتێك ژن ببوایە دەڵێ:" ئەمەوێت شتێكتان بۆ بگێڕمەوە ڕۆژێكیان منو چەند ژنێك لەبەر دەرگای ماڵە جیرانێكمان دانیشتبووین پیاوێكی ناسیاو بەلامانە تێپەڕیو ئاورێكی دایەوە گوتی: خۆزگە منیش بۆ چەند دەقیقەیەك وەك ئێوە ژن بوومایە تا لەلاتان دائەنیشتمو بمزانیبایە باسی چیتان ئەكرد، تەماشاكەن پیاوان چەند حەسودن، حەسودی بە قسەكردنی ژنانیش دەبەن".

### باس لە بەدبەختیمان دەكەین

زۆرێك لەوانەی ناویان هاتووە لە ریپۆرتاژەكە هۆكارێك دەستنیشان دەكەن كە كاتیان زۆرەو ئەوە دەقۆزنەوە كە لەپێش دەرگاكان دابنیشنو باس لەمەینەتیەكانی خۆیان بكەن، وەك (حەسیبە كەریم) دەڵێت:"ڕوونو ئاشكرایە دابونەریتی كۆمەڵگەی كوردەواری هەر هەمووی لە بەرژەوەندی پیاوانە، بۆ نموونە ئێمەی ژن لەكاتی دەست بەتاڵبوون، ئەگەر لەبەر دەرگای ماڵەوە لەیەكتری كۆببینەوە باسی بەدبەختیو مەینەتەكانی خۆمان بكەین، یەكسەر پیاوان ناڕەحەت دەبنو توانجمان لەسەر لێئەدەن، دەڵێن ها ژنان ئیشو كاریان نیە بەتەنها لەبەر دەرگاو كۆڵانەكان دائەنیشنو بەخوا دونیا بۆ ئەوان خۆشە، كەچی پیاوان ئەگەر لە چایخانە زرمەیان بێو لە پولی دۆمینە ریزكردنو فڕ لە چادان بەیانی تا ئێوارە بۆ باس لەخۆیان ناكەن".

### پیاوانیش قەوقسەلۆكیان هەیە

(ئامینە حەسەن) باس لەكاری پیاوان دەكات كە ژنان سەرزەنشت دەكەن، كە لەبەردەرگای ماڵان باسی هەموو خەڵكێك دەكەن، بێجگە لەوەی كە پیاوان وەك ژنان لەشوێنە گشتیو ناو پاسەكان باسی خەڵك دەكەن، دەڵێت:" ئەو زمانە خۆركەی لێ بكەوێ كە توانج لە ژنان ئەدا، باشە من پرسیار لە هەموو پیاوێك ئەكەم تو خوا پیاوان زیاتر یاخود ژنان حەز لە قسەو قسەلۆكو



د ا نیشـــتن
بەبــێ ئیــشو کار ئەکــەن،
پیاوان کە دەڵێن ژنان لەبەر دەرگاکان دائەنیشنو ئیشـوکاریان جگەرەکێشـانو بنێشـت جووتـنو گوڵەبەڕۆژە خواردنە، ئەی بۆ باس لەخۆتان ناکەن شـتێکتان بۆ بگێڕمەوە چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەفەری هەولێرم کرد بە پاسێکی نیسان بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی، باوەڕ بکەن سەرنشینەکانی ناو کۆسـتەرەکە منو ژنێکیـتر بووین باقیـتر هەمووی پیاو بـوون، پیاوەکان بەلایی کەم چوار کەس لەیەککاتدا جگەرەیان دەکێشاو جگە لە گوڵەبەڕۆژە خواردنو دەنگوباسی هەر هەموو دونیا لەناو پاسەکە گوێبیست ئەبووی".

## هەر ئێمە لەبەر دەرگا دانانیشین

(گەلاوێـژ عەلی) وەك ژنانی تر باس لـەوە دەكات كە ژنان لەبەردەرگا دادەنیشـنو باسی خەڵکدەکەن، بەڵام پیاوانێکیش هەن کە تانیوەی شـەو یاری جۆراوجۆر دەکەنو باسـی خەڵك دەکـەنو ئەوکارانەیان لەبەرچاویان نیەو دەڵێت:" ئەمە وەك ئـەو مەسـەلە وایە کـە دەڵێن فلانـە کەس وا دیـارە پیاوان تەواو ئاگادارنین لەژیانی ڕۆژانەیان لە دائیرەو بازارو شـوێنە گشـتییەکان لـە چ بازارێکن لە قسـە هێنانو بـردن چاودانە ماڵی خەڵك، مەگەر ڕۆژانە پیـاوان نین لەبەر دەرگای دوكانو كۆڵانەکان بەکۆمەڵ خەریکـی دامەکردنو یاری جۆراوجۆرن، پیاوان بەمەش ناوەسـتن هەر کە شـەویش داهات بەپەلە نان ئەخۆنو مل لێئەنێن بۆ ماڵی جیرانو برادەرەکانیان تا دوانزەو یەكو دووی شـەو خەریکی کۆنکانن، قور بەسەر ئەو ماڵە کە بەلای کەم چەند پاکەت جگەرەی لێئەکێشـرێو تاقو دیوارو نوێنەکانیـان بۆنی باروت ئەگرێو ئایا ئەوە بەڵگەی دروسـت نییـە کە پیـاوان زیاتر لە ژنان حەز لـە دابو نەریتی ڕزیوو بۆگەن دەکەن".

## دانیشتنی بەر دەرگا نەعەیبەو نەعار

(نەجیبەسەلیم)دەڵێت:
"بەرای من دانیشـتن لەبەر دەرگای ماڵان نـە عەیبەو نەعارە، باشـە ئەی چی بکەیـن ئێمەی ژنی ماڵ خـۆ بەندی نین، بیسـتو چوار کاتژمێر لەنێـو چوار دیواری ماڵەوە نەهێینـەدەر، ئەگەر ئێمەش وەك پیاوان خاوەن دەوام بووینایە ئەو کێشـەمان نەدەبوو، بەراسـتی دیاردەی دانیشتن لەبەر دەرگای ماڵان زەرەرو زیان بە هیچ کەسـێك نابەخشێت، بە مەرجێك هەسـتو سۆزو خۆشەویسـتی بۆ یەکتری بەدەر بخەیـنو ڕێگای چاکەو چاکە خوازی نیشـانی یەکتری بدەینو سوود لە یەکتر وەربگرین".

## ئەگەر دوو ژن گەیشتنەیەك مەترسیە بۆ پیاوان

"پیاوان هەردەم بیر ئەکەنەوە کە چۆن دونیای ژنان تەسكو بێ مەودا بکەن، پیاوان وا بیر ئەکەنەوە ئەگەر دوو ژن یاخود سـێ چوار ژن گەیشـتن بە یەکتری پیلانێکە بـۆ ئەوان ڕێکی ئەخەن، چونکە وەك چۆن ئەڵێن (مل بە قور لە خۆی بەشکە) ئەوانیش لەخۆیان بە شـکن لە گوناهو تـاوانو بێویژدانی کە دەرهـەق بە ژنان ئەنجامی ئەدەن". ئەمـە ژنێکی وەك (ژیان سـابیر) دەیدرکێنێتو پێشـنیازێك بۆ پیـاوان دەكات ئەگەر نارەحەتـن بەهاتنە پێش دەرگای ماڵانیان پێناخۆشـە ئەوا با خوشكو خێزانەکانیان بنێرنە کۆڕو سیمینار بۆ دوورکەتنەوە لەو دیاردەیەو دەڵێت:"پیاوان ئەگەر نارەحەتن بە دانیشـتنی ژنـان لەبەردەرگای ماڵان، دەبا ئەو جـۆرە پیاوانە ڕێگا بدەن ژنو خوشكو کچەکانیان بچن بەشدار بن لە کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو خولە جۆراو جۆرەکان، من دڵنیام ئەم جۆرە پیاوانە لەم جۆرە دەرکەوتنەش ڕێگرن".